# سروشتی عەقڵییەتی مرۆڤی سەدەکانی ناوەڕاست

کارێزقادر

شرۆڤەکاران و مێژوونووسانی هزری خۆرئاوا لەمەڕ وێناکردن و دەستنیشانکردنی رەوت و قۆناغەکانی مێژووی ژیان و ئەندێشەی سەدەکانی ناوەڕاست، بەدیدگاو بۆچوونگەلێکی جیاوازو ناکۆک گەیشتوون، چونکە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاست لە هەمــوو رەهەندوو مەیدانە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا لە نموونەی (سیاسەتناسی، ئیلاهیاتناسیی، بیرکردنەوەو فەلسەفە، متووربەکردنی مۆراڵ و ئایین و سیاسەت، هەروەها بوونی مرۆڤ و پەیوەستبوونی بەیەزدانی باڵاو ئامانجی لەژیانی دنیایی دا... هتد) خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی وخاسیەتی جیاکەرەوەیە لەچاو سەدەکانی یۆنانی و رۆمانی کۆنی پێش زایین و هەروەها سەدەکانی رێنیسانس و رۆشنگەری لەمێژووی فیکری ئەوروپادا ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەدا هەڵوەستەکردن و سەرنج خستنەسەر زەمەنە مێژووییەکان و پشتڕاستکردنەوەیان بەتایبەت لەکایەی فیکرو فەلسەفەدا ئەوەندە کارێکی سەرپێیی و ئاسان نییە بەتەواوەتی بتوانیت وەسف و کەشفی هەموو راستییە مێژووییەکانی بکەیت. هەندێجار لەدەستنیشانکردنی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا سوود لەیەک حەقیقەت و گۆشەنیگای مێژوویی وەردەگیرێت و دواتر(تعمیم)گشتگیر دەکرێت بەسەر هەموو قۆناغە مێژووییەکەدا کەئەمەش بۆخۆی چەشنێکە لە بەهەڵەداچوونی بەکارهێنانی کەرەستەو ئامرازە مێژووییەکان.

هەندێ لە لێکۆڵیاران پێیانوایە ماوەی

سەدەکانی ناوەڕاست لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی زاینییەوە دەست پێ دەکات کە هاوکاتە لەگەڵ لاوازبوون و نشوستهێنانی پێشکەوتن و شارستانییەتی ڕۆمای کۆن لەخۆرئاوا تاکو دەگاتە کۆتایی سەدەی پانزەو دەرکەوتنی بزوتنەوەی ریفۆرمی ئایینی مەسیحی کاتۆلیکی ، بەڵام هەندێکی دیکە بۆچوونێکی جیاوازیان هەیەو پێیان وایە ئەم ماوەیە لەسەدەکانی پانزەو شانزە کۆتایی پێنایەت، بەڵکو درێژ دەبێتەوە تاکو دەگاتە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم و سەرکەوتنی بزوتنەوەی ڕۆشنەگەریی، چونکە تاکو ئەو سەدەیە بەتەواوەتی هەیمەنەی خورافیات و بیرکردنەوەی ئایینی بەسەر عەقڵیەت و بیری مرۆڤی ئەورووپی دا کۆتایی پێ نەهاتبوو، بەڵام لەم مێژووە بەدواوە گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەر بۆچوون و بیرکردنەوەی مرۆڤی ئەورووپی دا هات. توێژەرانیش بۆ قسەکردن و ڕوونکردنەوەی ئەم قۆناغە مێژووییە سوودیان لە بیرۆکەی میتۆدی بەراوردکاری وەرگرتووە لەنێوان شارستانییەتی یۆنانی و ڕۆمانی کۆن لە لایەک و پێشکەوتن و عەقڵیەتی ئەزموونی زانستی مۆدێرنەی ئەورووپی لە لایەکی دیکەدا.

ڕێبازی زانستی بەراوردکاریی دەتوانێت پێوەرێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە بێت بۆ ڕوونکردنەوەو ڕاستکردنەوەی زەمەنە مێژووییەکان یاخود بۆزانینی نەزانراوو حەقیقەتێکی مێژوویی دیاریکراو لەناو پرۆسێسی بەرەوپێشچوونی مێژوودا، بەڵام بۆ شرۆڤەکردن و قسەکردن لەسەر کایەو بابەتێکی فیکری و فەلسەفی لەهەر سەردەم و قۆناغێکی مێژووییدا پێویستە ڕەچاوی لۆژیک و حەقیقەتی ڕێژەگەرایی بکرێت لەو بابەتەدا بۆ ئەوەی تووشی هیچ بڕیاردان و گریمانەیەکی ڕەهاو پێش وەختی نەبین، چونکە لەمەیدانە عەقڵی و فیکرییەکاندا هەرچەندە بتوانرێت پەی بەڕاستیی و دۆزەرەوە فیکرییەکان ببرێت ئەوا هێشتا ناتوانرێت بەتەواوەتی هەموو دەرهاویشتەو دۆزەرەوە فیکرییەکان کەشف بکرێت. بابەتە عەقڵی و فەلسەفییەکان وەکو بابەتە زانستییە گرانەکان نین لەوێنەی (کیمیا، فیزیا، زانستیی پزیشکیی، ماتماتیک ...هتد) تەنها یەک ئەزموون و خوێندنەوەی ڕووتیان بۆ بکرێت، بەڵکو دەتوانرێت لەچەند لایەن و گۆشەنیگای جیاوازو فرە ڕەهەندەوە خوێندنەوەی جۆراوجۆریان بۆ بکرێت کە هەر شرۆڤەو خوێندنەوەیەکیش بۆخۆی ڕێژەیەک لە ئەزموون و حەقیقەت هەڵدەگرێت، یاخود کەشفی نەزانراوی ڕاستییەکانی ئەو بابەتەمان بۆ دەکات.

کەواتە هەرچەندە بیرمەندان و توێژەرانی کایە فیکرییەکان وێنایەکی ڕەنگ ڕێژکردوومان بخەنە بەردەست لەمەڕ هەربابەتێکی فیکریی و فەلسەفیی ئەوا هێشتا نەیانتوانیوە ئەو وێنایە بەتەواوی ڕەنگ بکەن و تەواو چارەسەری گرفتەکانی ژیانمان بۆ بکەن،چونکە ژیان خۆی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی نییەو کەس ئاگاداری تەواوی پرۆسەی بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی مێژوو نییە لەسەرئەم زەمینەدا بۆیە سەرەتاو کۆتایی مێژووی ژیان بەتەواوی دیار نییەو نازانرێت، بەگوتەی (کارل پۆپەر) سەرانسەر ژیان خۆی پرۆژەیەکە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی مرۆڤ ئەمە لە لایەک. لە لایەکی دیکەدا گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی زانین و ناسین پرۆسەیەک نییە بەبنبەست و کۆتا گەیشتبێت. نەخێر، بەڵکو سەرانسەری ژیانی مرۆڤ

هەوڵدانێکە بۆ زیاتر زانین و ناسینی خود و پەیبردن بەحەقیقەتەکانی دنیا لەدواجاریش هێشتا ناتوانرێت بەتەواوی کەشفی هەموو نەزانراوو حەقیقەتەکانی دنیا بکرێت،چونکە کەس ناگات بەحەقیقەتی ڕەها لەژیاندا ئەو کەسەشی بەشتێکی لەم شێوەیە گەیشتبێت ئەوا گەیشتووە بەبنبەست و کۆتایی بیرکردنەوەو داخرانی عەقڵ.

لەگەڵ هاتنی ئایینی مەسیحی و بڵاوبوونەوەی بەوڵاتانی ئەورووپی دا وەرچەرخانێکی گرنگ لە شێوازی ژیان و سیستەمی بیرکردنەوەی مرۆڤی ئەوروپی ڕوویدا، ئەم ئایینە هەر زوو توانی هەژموونی خۆی بسەپێنێت بەسەر هزری ڕۆمانی دا. واتە ئایینی مەسیحی وەکو پەرچەکردارێک وابوو لەبەرامبەر ئەو شێوازی بیرکردنەوەو بەندایەتی کردنەی کە بۆخودا دەکرا لەئایینی باوی یۆنانی و ڕۆمانی کۆندا کەشێوازێکی ئایینی و بەندایەتیکردنی فرە ئاراستەیی خودایی بوو نەی دەتوانی ئەو بۆشاییە دەروونی و ڕۆحییەی کە لەوکاتەدا درووست ببوو پڕبکاتەوە، بەڵام ئایینی مەسیحی هەرلەسەرەتاوە بەو پێوەرو بەهاو نۆرمانەی کەخستنیەڕوو توانی پەلبکێشێت بەسەر بیری ئەوروپادا بەتایبەت ڕۆما.

ئەوەی پێویستە لەسەر مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست ڕوونبکرێتەوە بریتییە لەوەی کە ئەو تاریکی و ناڕوونییەیی لەبوارەکانی (فیکرو فەلسەفە، بیری ئایینی،هونەرو ئەدەبیاتی سیاسیی...هتد) دەدرێتە پاڵ سەدەکانی ناوەڕاست ئەوا بەشێوەیەکی گشتی هەموو قۆناغەکانی سەدەی ناوەڕاست ناگرێتەوە، چونکە دووبارە مێژوونووسان و توێژەران بەبیروبۆچوونی جیاواز گەیشتوون لەوەی کە هەموو سەدەکانی ناوەڕاست سەدەی گەشەنەکردن و نەدۆزینەوەی عەقڵێکی ئازاد بووبێت، یاخود عەقڵی فەلسەفیی و ئازادیی بیرکردنەوەی مرۆڤ بەتەواوەتی بەقۆناغی ڕاوەستان و متبووندا ڕۆیشتبێت. بەبۆچوونی(هاشم صالح) مێژووی ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست پێکهاتووە لەسەدە ئاست نزم و ئاست بەرزەکان یاخود سەدە دوورو نزیکەکان، سەدەی ئاست نزم مێژووەکەی لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی زاینییەوە دەست پێدەکات تاکو سەدەی دوانزە دەخایەنێت کە دەتوانرێت بەماوەی داخران و بەرهەم نەهێنانی بیرو عەقڵی فەلسەفی دابنرێت یاخود بەسەدەکانی نزمبوونەوەو داکشانی ئاستی عەقڵ و بیری ئازاد دابنرێت، بەڵام سەدە ئاست بەرزەکان لە کۆتایی سەدەی دوانزە دەست پێدەکات تاکو سەدەی پانزەو دەرکەوتنی ڕێنیسانسی بیری ئەوروپی دەخایەنێت کەئەو ماوەیە تاڕادەیەک بیرێکی عەقڵانی و کەمبونەوەی هەژموونی بیری تیۆلۆژی بەسەر عەقڵدا دەبینرێت. لە لایەکی دیکەوە تێڕوانینی(د.غانم محمد صالح) لەمەڕ دیاریکردنی قۆناغەکانی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست دەتوانرێت بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوون بکرێتەوە:-

قۆناغی یەکەم/ مێژووەکەی لەکۆتایی سەدەی پێنجەمی زاینیی تاکو سەدەی دەیەم دەخایەنێت کەماوەی باڵادەستبوونی دەسەڵاتی زەمینییە بەسەر دەسەڵاتی ئایینیدا، واتە لەم قۆناغەدا هێشتا کڵێساو دەزگای ئایینی بەتەواوی لە ڕووی هێزی عەقیدەیی و پەلکێشانی عەقڵی ئایینی دەسەڵاتیان بەسەر کایەکانی ناو کۆمەڵگە پەیدانەکردووە.

قۆناغی دووەم/لە سەدەی(١٠-

١٣)دەخایەنێت، ئەم ماوەیە زیاتر کەنیسەو بڕیارەکانی پیاوانی ئایینی لەسەرووی هەمووشیانەوە ( پاپا ) هەیەنەی هەیە بەسەر بڕیارو لێدوانەکانی دەسەڵاتی سیاسی و زەمینی دا. دەتوانرێت ئەم ماوەیە بەقۆناغی قەڵاچۆکردن و فتوای تیرۆرکردنی عەقڵ دابنرێت.

قۆناغی سێهەم/لەسەدەی(١٣-١٥)دەخایەنێت، لەم ماوەیەدا بیری ئایینی و دەسەڵاتی کلێسا بەرەو ئاوابوون دەڕوات و ئایین و خوداپەرستی لەشێوەی پەرستنێکی ئیجبارییەوە پێ دەنێتە ناو شێوەیەکی ئیختیارییەوە، واتە لەم قۆناغەدا دروشمی ئازادی قبوڵکردن و وەرنەگرتنی ئایین دەردەکەوێت.

شێوازی (عبودیە ñslavery ) بەندایەتیی کردن لە سیستەمی تیۆلۆژیایی ڕۆمیدا کاریگەریی هەبووە لەسەر دروستکردنی بۆشایی ڕۆحی ئایینی لە لایەک و کوشتن و گەشەنەکردنی بیری فەلسەفی ئەوروپی لە لایەکی دیکەدا، چونکە ئایینی ڕۆمی شێوەی ئایینی بتپەرستیی و شەرعیەت پێدانی هێز بوو بەدەسەڵاتی سیاسی، واتە ئایینێک بوو سەرچاوەی هێزی باڵای ڕۆحی خۆی لە وەهم و ئەفسانەی داستانەکانی ڕۆماو، یۆنانی کۆن وەردەگرت نەی دەتوانی شێوازی ئایینێکی ڕاستەقینە و پڕکردنەوەی بۆشایی ڕۆحی خەڵک دەستەبەر بکات. کەواتە نابێت ئێمە هەموو شێواندن و داخرانێکی عەقڵانی و بەرهەم نەهێنانی بیری فەلسەفی و زانستی بخەینە ئەستۆی سروشتی بیری ئایینی مەسیحی، بەڵام بەشی هەرەزۆری بەرهەمنەهێنانی ئەزموونی ئایینی و زانستی لە لایەک و مومارەسەنەکردنی زانستی سیاسەت وەکو کایەکی سەربەخۆ دەگەڕێتەوە بۆ دەست تێوەردانی پاپاو پیاوانی ئایینی مەسیحی بەشێوەیەکی گشتی، چونکە ئەوکات پیاوانی ئایینی کۆنترۆڵی هەموو دیاردەو کایەکانی ناو کۆمەڵگەیان کردبوو شێوەیەک لەبەرپرسیاریەتی سەرەکی (ئایینی و سیاسییان) لەسەرشان بوو لەکۆمەڵگەدا. واتە بەشێوەیەکی گشتی دوای ئەوەی ئایینی مەسیحی هاتوو بنەماو بەها پیرۆزییەکانی خۆی وەکو (پاکیزەیی، سۆزوبەزەیی، لێکبووردن، نەرمی و گەردن کەچی لەبەرامبەر یەزدانی باڵادا ...هتد) بڵاوکردەوە دواتر ئەم بنەمایانە لە لایەن پیاوانی ئایینی و دەزگای کلێسای مەسیحییەوە بەسیاسیی و ئایدۆلۆژی کران و دواجاریش بوون بەئامرازی تەکفیرو تیرۆرو چەوساندنەوەی خەڵکی و داتاشین و بەکارهێنانیان بۆخزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

هەربۆیە بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست تێبینی ململانێ و ئەرگیومێنتێکی بەرچاوو فراوان دەکرێت لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی پادشاو دەسەڵاتی ئایینی پاپادا لەسەر بەرژەوەندی وەرگرتنی دەسەڵات و شێوازو چۆنیەتی حوکم و سیستەمی بەڕێوەبردن، واتە هاوڕێک نەبوون لەسەر وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە: (ئایا سیستەمی سیاسیی، یاخود حوکمکردن شێوازێکی ئایینی بێت یاخود شێوازێکی دنیایی و عەلمانی بێت؟) هەندێجار توانراوە بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ڕێککەوتنێکی دووقۆڵی بکرێت لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی سیاسیی و ئایینیدا ئەمەش بەترسناکترین و خراپترین کردار دادەنرێت لەسەر بەرژەوەندییەکانی میللەت، چونکە دەسەڵاتی سیاسی بۆ چەوساندنەوەو شوشتنی عەقڵییەتی خەڵکی توانیویەتی فتوای پاپاو پیاوانی ئایینی

بۆخۆی دەستەبەر بکات، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکە پیاوانی ئایینیش توانیویانە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی سەروەت و سامانی دنیا سوود لەبەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی وەربگرن. واتە هەردوو کایەیی ئایین و سیاسەت لە بنەمای وەزیفەی پیرۆزی خۆیان دوورکەوتنەتەوەو دەستیان تێکەڵکردووە بۆ خزمەتکردنی یەکتری کە لەبنچینەشدا ئامانجیان خزمەتکردن و نەهێشتنی چەوساندنەوەی مرۆڤ بوو. هەر لەبەر ئەم هۆیە بوو دواتر وای لە (ماکیاڤیللی)کرد ئایینی مەسیحی بداتەبەر نەشتەری ڕەخنەو بەئایینێکی لاوازو دوور لە رۆحی ئازایەتی و سیاسی هەژماری بکات و دواجار بڵێت: (ماهیەتی بوونی سیاسەتی راستەقینە کردارێکە توانیوبەتی دابڕانێک لەنێوان خۆی و گشت بنەماو پیرۆزییە ڕەگەزەکانی ئایینی مەسیحی دروست بکات بۆ ئەوەی زیاتربوونی لەواقیعدا بەرجەستەبێت)ئەو دێت و سیاسەتمان لە شێوەی وێنایەکی دنیایی و واقیعیدا بۆ دەنەخشێنێت و دای دەماڵێت لەبابەتی ئایین و میتافیزیکا. رزگارکردنی سیاسەت و جیاکردنەوەی لە بیروباوەڕی ئایینی مەسیحی لە لای ماکیاڤیللی بیرۆکەیەکی ئایدیاڵ و ئامانجێکی سیاسی نەگۆڕی پیرۆزە کە پێی وایە بەهاتنەدی ئەم خەونە وێنەی دروستبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتووی نیشتیمانیمان دەست دەکەوێت. سیاسەت لای ئەو پراکتیزەکردنی کردارەو دەرهاویشتەی واقیعی هەڵقوڵاوی دانەبڕاوی ناو کۆمەڵگەیە.

ئەو خاسیەتەی کەسەدەکانی ناوەڕاستی پێ دەناسرێتەوە بریتییە لەوێنەی شێوێنراوی بوونێکی ئایینی کەدەستی هەبووە لە خۆ بەکەم زانین و زەلیلکردنی مرۆڤ لە ژیانی دنیاییداو پاشان قوربانی دان بەخود لە پێناو خۆ ئامادەکردن و گەیشتنی خود بە خۆشی و حەقیقەتەکانی رۆژی ئاخیرەت، هەروەها ئەوەی کە بوونی هەبووە تێکست و ڕواڵەتگەری ئایین بووە بەدوور لە شرۆڤە و خوێندنەوەیەکی زانستی ئەزموونی پێشکەوتوو یاخود ئەگەر شتێکی لەم جۆرەش هەبوبێت ئەوا ڕاڤە و خوێندنەوەیەکی واقیعی و زانستی نەبووە، بەڵکو دەستەبژێری پیاوانی ئایینی و ئەوانەی کە بەشداربوون لەدەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و میزاجی خۆیان ڕا ڤەو تەفسیری دەقە ئایینییەکانیان کردووە. هەتا دواجار ئایین تووشی زیادەخوازی و ڕواڵەتگەری بووە لەمەیدانی تەفسیرو خوێندنەوەدا سەرەئەنجام ئایین (مەسیحی) وای لێهاتووە لە پاکیزەیی و پەیامە سەرەکیەکەی خۆی کە رزگارکردنی مرۆڤ بووە لە گێژاوی نەزانین و چەوساندنەوەدا دوورکەوتۆتەوە، یاخود بەدیوێکی دیکەدا ئایینی مەسیحی نەتوانراوە بەئەزموون بکرێت و ئەو دەقانەشی کە خوێندنەوەی بۆکراوە بەدیدو عەقڵێکی ڕەخنەییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە.

ئەم پێوەرەش سەبارەت بەتاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی هەر دەقێکی دیکە دروستە، چونکە ئەگەر بێت و دەقی (ئایینی، ئەدەبیی، فەلسەفیی...هتد) مەودای خوێندنەوەی جیاوازو فرە رەهەند لە خۆیدا هەڵنەگرێت ئەوا ئەم دەقە تووشی لاوازی و لەدەستدانی واتاو مەبەست دەبێت، یاخود بەشێوازێکی دیکە ئەگەر دەقی ئایینی لە لایەن دەسەڵاتێکی سیاسییەوە شرۆڤەو

تەفسیری بۆ ئەنجام درا ئەوا بزانە ئەم دەقە تووشی شێواندنی واتا دەبێت و دواجار دەبێت بەدەقێک کە بۆنی خزمەت و بەرژەوەندی ئەو دەسەلاتەی لێ دێت، ئەمەش دیاردەیەک بووە لەپانتایی ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەڕاست بەڕوونی بەچاو دەبینرا.

نەبوونی ئەزموونی ئایینی و خوێندنەوەیەکی زانستی ئەزموونی روون بۆ دەق و پێدراوە ئایینییەکان وای لە پیاوانی ئایینی کرد هەندێک لە خورافیات و زیادەخوازی و رواڵەتگەری ئایینی لەدەقە ئایینییەکان هەڵبهێنجن بۆ ڕاکێشانی ڕاوسەرنجی خەڵکی (عوام) بۆیە دواجار دیاردەی بیرنەکرنەوەو پرسیارنەکردن و چوارچێوەدانان بۆ دەقە پیرۆزەکان سەری هەڵدا، واتە عەقڵ و بیری مرۆڤەکانی بۆ گەڕان و بەدواداچوون و کەشفیکردنی حەقیقەتە دەست لێ نەدراوەکان پەراویزخست. مرۆڤی سەدەکانی ناوەڕاست بەدوای بەدیلێکی تازەدا دەگەڕا بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو بۆشاییە رۆحی و مەعریفەیی خۆی پێ پربکاتەوە کەتووشی ببوو ئەویش بەدیلی وێنەی (ترسی وەهم و ئەفسانەی پیاوانی ئایینی ) بوو کە لە ڕاڤەی کوێرانەی پیاوانی ئایینی بۆ دەقە ئایینییەکان بەردەستیان خستبوو کە ئەمانە دەتوانرا وەکو ئامرازێکی سیاسیش لە لایەن دەسەلاتی سیاسییەوە بەکاربهێنرێن بۆ کۆنترۆڵکردنی عەقڵ و هەستی گشتی میللەت ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە مرۆڤی سەدەکانی ناوەڕاست بوونەوەرێکی خودموختارو خانەدان و خاوەن مرۆڤ دۆستییەتی خۆی نەبوو لە ژیانی دنیاییدا، بەڵکو هەمیشە بوونەوەرێکی چاوەڕوانکراوو مەجبورکراو بوو بۆ ژێر ویستێکی ئایینی و چارەنووسی پەیوەست کرابوو بەدوعاو شەفاعەتی پاپاو پیاوانی ئایینی لەبەرامبەر یەزدانی خاوەن دادگای باڵا لە رۆژی دواییدا.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا عەقڵ و دەرئەنجامە عەقڵییەکان سەنتەرو پێوەری رەخنەو هەڵسەنگاندن نەبوون بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی پێ لە گرفتی نەزانین و گرێمانەی پێشوەختی پیاوانی ئایینی رزگار بکات، بەڵکو ئەوەی جێگای سەرنج و گرنگی پێدانی مرۆڤەکان بووە بریتی بووە لە دەرهاویشتەو دروستکراوو (وتراوە) ئایینییەکان بەبێ ئەوەی ئەم شێوە تێڕوانین و تێگەیشتنە ئایینییە بتوانێت تەفسیری واقیعی ئیمانداراە مەسیحییەکان بکات، یاخود هاوڕێک بێت لەگەڵ بارودۆخ و دیدگاو بۆچوونی ئیمانداران. بەردەوامبوون و سەلماندنی تازەبوونەوەی هەموو ئایینەکان لەهەر سەردەم و قۆناغێکی مێژووییدا بریتییە لەجۆرێک خوێندنەوەو ڕاڤەی ئەزموونی و زانستی بۆ ئایینەکان. هەر بۆیە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دیاردەی نەبوونی خوێندنەوەو لەقاڵبدانی دەقە ئایینییەکان وایکردبوو کەئەم دەقانە بەنەگۆڕی و دەست لێ نەدراوی بمێننەوە، چونکە لەڕوانگەی پیاوانی ئایینییەوە ئەوەی کە لە بەهاو قیمەتی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی بیری فەلسەفی و زانستی دنیایی کەم دەکردەوە بریتی بوو لە تایبەتمەندی گۆڕان و گەیشتن بەجیاوازی دەروازەی بابەتە فیکری و زانستییەکان. واتە ئەوان دەیانوویست بەچەند دەقێکی بێ شرۆڤەو تەفسیرکردن جموجۆڵ و ڕێڕەوی رەوتی مێژووی پێ لێک بدەنەوە کەئەمەش لەگەڵ سروشتی بەرەوپێشچوونی مێژوودا ناگونجێت. خوداناسی یاخود ئیمانداریەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئیمانداریەتییەکی دروستی ڕاستەقینەی ژێرانەو

عـــەقـــڵانی نەبوو، بەڵکو ئەوەی دەبینرا تەنهـــا ئەزمـــوون و ئیـــمـــانداریەتیـــیـــەکی رووکـــەشی و رواڵەتپـــەرســـتـیـــیـــانە بوو، بەشێـــوەیەکی دیکە دەتوانرێت بوترێت بەهیچ شـێـــوەیەک ئەو کـــات خـــوداپەرســـتـــیـــیـــەکی دروست و رۆحـــانی بوونی نەبووە، بەڵکو دیاردەی پاپاو کـــاهین پەرســـتی بوونی هەبووە، چونکە پاپاو پیـاوانی ئایینی وەک فریادڕەسێک هۆکاری رزگـاربوون و پاکبـوونەوەی مـــرۆڤ بوون لە رۆژی دواییـــدا وەک ئەوەی پاپا مـرۆڤ نەبێت و لە دنیـایەکی دیکەوە هاتبـێت. ڕەنگدانەوەو دروسـتکردنی وێنای خـودا لەخـەیاڵ وئەندێشـەی مرۆڤی سەدەکـانی ناوەڕاسـتدا بریتی بووە لە دروســــتـکردن و ڕەنگدانەوەی وێـنای شـەپۆلەکـانی تۆڵـەو ترسی خـودایی لەبڕی ئەوەی ڕەنگدانەوەی خـــودایی شـــێـــوازێک بوو بێت لەڕەنگدانەوەی جوانی سـیـفـەت و پارچەیەک بوو بێت لەبەخشندەیی و لێبووردەیی خودا، کـەئەمـە دواجار سـەردەکێشێت بۆ بێ هیـوا بوون لەرەحم و سۆزو بەزەیی خودایی.

ئەم چەشنە بیـرکـردنەوەو رەنگدانەوە خـودایـیـە لەلای مـــرۆڤ دەبێـــتـە هۆی لاوازبوون و نەمـــانی پەیوەسـتـبـوونی مرۆڤ بەخـوداو پاشان بۆشـایی مـەعـریفی و رۆحی مـرۆیی دروست دەکـات، واتە لەبڕی ئەوەی مـــرۆڤ هانا بۆ گـــەورەیی و ســـۆزو رەحمی خـودا ببـات ئەوا دێت هانا بۆ کـەسـایەتی ئایینی و دروســتکراوە ئاییـنیـــیـــەکـــان دەبات دواجارئەمـە دەبێتە هۆی نەمان و ونبوونی یاخود کوژانەوەی چرای ڕوناکی خودایی لەلای مرۆڤەکان. وێناکـردن و ڕەنگکردنی شـێـوەی ژیانی دنیـایی لەسـەدەکـانی ناوەڕاست هەمـیـشـە پێـویسـتی بەدەسـتـگیـرۆیی مـەعـریفی و عـەقـڵی پاپاو کـاهینەکـان هەبووە، واتە مـرۆڤ نەی توانیـــوە لەدەرەوەی بازنەی بیـرکـردنەوەو کلتـوری بەرهەم هێنراوی پیـاوانی ئایینی هەوڵبـدات فـەزایەکی مەعریفی و دیدێکی ڕەخنەیی بۆخۆی بخوڵقێنێت، هەرئەمـــە وایکردووە باوەڕبوون بەیەک شـێـــواز لەبیرکردنەوەو قبووڵ نەکردنی فرەیی و جیـاوازی بیـروباوەڕی ئایینی ببـێـتـە هۆی ڕێگاخـۆشکردن وکردنەوەی دەرگاو دەروازەکانی یەکترقبووڵ نەکردن و دەمارگیری ئایینی بەڕووی تاکەکاندا، سەرەڕای ڕاهێنان و پەروەردەکـردنی عـەقـڵی مرۆڤـە لەسـەر قـەڵاچۆکـردن و تیـرۆرکـردنی مـرۆڤـەکـان لە ناو کۆمەڵگەدا.

لەسەدەکـانی ناوەڕاسـتدا شتیک نەبووە بەناوی میـهرەبانیـیەتی و خۆشەویستی خودایی، بەڵکو لەبڕی ئەم شـێـوە هزرین و ڕامـانە ئاییـنیـیـە شـێـوەیەک لە بەردەوامی تۆڵـەو ترسی خـودایی پانتـایی بوونی عـەقڵ و بیـرکـردنەوەی تاکـەکـانی داگیـرکـردبوو کـە مرۆڤ واهەسـتی دەکرد بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت خۆشەویسـتی خودا بەدەست بهێنێت، یاخود وای دەزانی کە بابەتی دابەزاندنی سـۆزو خـۆشـەویسـتی خـودایی بۆ سـەر ئاسـتی مرۆڤەکان شتێکی خەیاڵی و نەشیاوی حاڵەتی بوونە. هەمـوو مـرۆڤێک دەتوانێت خۆشەویسـتی خـــودا بەدەست بهـــێنێت، بەڵام بەو مـــەرجـــەی کەمرۆڤەکان خۆشیان ئامادەیی ئەوایان تێدا هەبێت بتـوانن خۆشەویستی خۆیان بۆ خودا تەرخان بکەن و ڕاسـتگۆبن لەبەرامبـەر ئەم خۆشـەویسـتـیـیـەو پارێزگـــاری بەردەوامـــبـــوونی بکەن بۆ ئەوەی مـرۆڤـەکـان هەست بەئاسودەیی و کـامـەرانیـیـەکی هەمیشەیی بکەن.

لەســەدەکــانی ناوەڕاســتــدا نەتوانراوە شـوێنگەو

بەرئەنجامە فەلسەفی و عەقڵییەکان بسەلمێنرێت و گرینگیان بۆ دابنرێت لە هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی ڕاڤەی ئایینیدا، بەڵکو ئەو تەفسیرو خوێندنەوەشی کە ئەنجام دراوە بۆ بوون و شێوازی ڕووی دەرەوەی ئایین لە لایەن بیریاران و فەیلەسووفان توانراوە بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕوون دژایەتی بکرێت و ڕەتبکرێتەوە لە لایەن پاپاو پیاوانی ئایینییەوە، لەبری ئەوەی بێن بەڕوانینێکی ڕەخنەییەوە ئەو دیدگاو تێڕوانینە هەڵانەی کە بۆ ئایین کراوە ڕاستبکەنەوەو پاشان مشتومالّی بکەن لەوگەردو زیادەخوازیەیی کە توشی ئایین هاتووە. ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە چۆنیەتی بیرکردنەوەو بەردەستخستنی مۆدێلێکی واقیعی و سەردەمیانەی تەفسیرکردن و شرۆڤەکردنی دەقە ئایینییەکانە نەک تەنها وەرگرتنی ڕاستەوخۆی خودی دەقە ئایینییەکان بێت بێ پرسیارکردن و هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم دەقانە، یاخود بەدیوێکی دیکەدا ئەوەی کە پێویستە ئەمڕۆ هەوڵی بۆ بدرێت بریتییە لە کەشفیکردن و دۆزینەوەی عەقڵێکی ڕۆشنبینی ئایینییە کە بوار بدات بە جۆراوجۆری و فرەیی شرۆڤەکردن و خوێندنەوەی ئیجابی دیوی دەرەوەی ئایین، نەک هەوڵ بدرێت بۆ کەشفیکردنی عەقڵێک کە هەمیشە بەرهەمهێنەری بیرکردنەوەو حەقیقەتێکی دەست لێ نەدراوی ڕەها بێت و لە چوارچێوەو بازنەیەکی تەسکی خوێندنەوەی ئایینیدا بخولێتەوە هەوڵ بدات ئایین بەچەق بەستوویی بهێڵێتەوە ئەمەش زیاتر بۆ مەبەستی خزمەتکردن و فراوانکردنی خودی ئایین خۆیەتی نەک بۆ مەبەستی بەرتەسکردنەوەی تەفسیرکردنی دیوی دەرەوەی ئایین بێت(واتە ئەو بوارەی ئایین کەدەهێڵدرێتەوە بۆ کەشفی عەقڵی زانایان)، چونکە تەفسیرکردن و ڕاڤەکردنی دەقە ئایینییەکان ڕۆڵ و کاریگەری سەرەکی دەبینێت لەسەر چۆنییەتی دروستکردنی وێنای کارکردن و شێوازی بەکارهێنانی عەقڵی ئایینی مرۆڤەکان، هەرخوێندنەوە و تەفسیرکردنێکی دروستی عەقڵی و زانستییانە بۆ ئایین دەبێتە هۆی زیاتر ناسین و نزیکبوونەوەی خودایی وەپەیبردن بەحەقیقەتەکانی دنیا ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە دەتوانرێت شرۆڤەکردن و خوێندنەوەی داخراوو نادروستی دەقی ئایینی ببێتە هۆی پەیدابوونی شێوازێک لەئایینی ڕواڵەتی کە مرۆڤ دوور دەخاتەوە لەو پەیوەندییە ڕۆحانییەیی کە بەخوداوە دەیبەستێتەوە،هەروەها دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بابەتی کوشتن و تیرۆرکردنی بەردەوامی بەدواداچوونە عەقڵییەکان لە کەشفیکردنی حەقیقەتە ئایینییەکاندا.

**سەرچاوەکان:**


١- د. هاشم صالح: سەرەتایەک دەربارەی ڕۆشنگەری ئەورووپی، وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، چاپی: ( یەکەم - سلێمانی -٢٠٠٧ ).

٢- د. غانم محمد صالح: بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست، وەرگێڕانی: سەلام کەریم، چاپی: ( یەکەم - سلێمانی - ٢٠٠٥ ).